**بەڕێز سەرۆکی هەرێمی کوردستان**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانی کوردستان**

## بابەت/ یاداشتنامەی ناڕەزایی

چەند رۆژێکە بێزاریو نارەزایەتی خەڵکی کوردستان، لەبەرامبەر کەمی کارەباو گرانی سوتەمەنیو چوونەسەری نرخی بازاڕو بێدەربەستی حکومەتدا، پێی ناوەتە قۆناغێکی نوێوە، زۆربەی شارو شارۆچکەکان خۆپیشاندانی تێدا بەرپابووەو بەگشتیش خەڵك سەرگەرمی خۆرێکخستنو خۆ ئامادەکردنە بۆ هاتنەمەیدانی سەراسەریو ئیتر خەڵك بەو باوەڕە گەیشتووە چیتر بەوە رازی نەبێت کوردستان بۆهەندێك بەهەشتی رازاوەو بۆهەندێك پڕبێت لەبێمافیو بۆ ئەو مەبەستەش دەنگی بەکۆمەڵیان هەڵبڕیوە.

لەبەرامبەردا هێزەکانی ناوخۆ، وەك ئەوەی لەبەرامبەر دوژمنی سەرسەختی خۆیاندا وەستابن، تەواوی ئەو خۆپیشاندانانەیان داوەتە بەر دەسرێژی گوللەو دەیان کەسیان پێکاوە، کەبەداخەوە هەندێکیان گیانیان لەدەستداوەو سەدان کەس ئاخنراونەتە ناو زیندانەکانو شەوانە هەڵکوتانە سەرماڵانو رەشبگیر پەرەی گرتووە بۆ پێشگرتن بە هاتنەمەیدانی خەڵكو بەجۆرێك ئیستفزازی خۆپیشاندەران کراوە کە هەموو خۆپیشاندانەکان بەرەو توندوتیژی ملی ناوە، سەرەڕای هەموو ئەوانەش حکومەتو لایەنە پەیوەندیدارەکان هیچ وەڵامێکیان بە داخوازیەکانی خەڵك نەداوەتەوەو بێدەنگییان هەڵبژاردووە.

هەڵبەت ئەوە پێویستی بەباسکردنو رۆشنکردنەوە نییە کە خەڵك داوای مافێکی زۆر سەرەتایی خۆی دەکاتو چاوپۆشی زۆریشی کردووە کە ماوەی 15ساڵە ئەو مافە زۆر سەرەتاییانەی بۆ دابین نەکراوە، لەماوەی ئەو 15 ساڵەدا پاساوی زۆرو جۆراوجۆر خراوەتەڕوو بۆ داپۆشینی کەموکوڕیو کەمتەرخەمییەکان، ئیستا ئیتر هیچکام لەو پاساوانە قبوڵناکرێتو خەڵك دەیەوێت لانیکەمی خواستەکانی بەدیبێتو لەژێر باری قورسی دەیانساڵەدا بێتەدەرو پشوویەك بدات، بەڵام بەپێچەوانەوە رۆژلەدوای رۆژ ژیانی خەڵك روو لەسەختی زیاتر دەکاتو حکومەت زیاتر بێتواناییەکانی خۆی لە جێبەجێکردنی پێویستییەکانی ژیانی خەڵك دا نیشاندەداتو بۆ قەرەبووی ئەو بێتواناییەش هێزەکانی ناوخۆ بە ئاگرو ئاسن وەڵامی داخوازیەکانی خەڵك دەدەنەوەو تەنها لەماوەی چەند مانگی رابردوودا کوردستان ژمارەی پێوانەیی تۆمارکردووە لە تەقەلێکردنو خوێنڕشتنو زیندانیکردنی خۆپیشاندەران، تەنانەت بەپێوانە لەگەڵ وڵاتە دیکتاتۆرەکانی ناوچەکەش.

ئێمە نیگەرانیو ناڕەزایەتی خۆمان لەو بارودۆخە بەتوندی دەردەبڕینو پێمانوایە بەلاڕێدابردنی خۆپیشاندانەکان بەرەوتێکدانو شکاندن لەگرنگی خەباتی جەماوەری کەمدەکاتەوەو بێوەڵامی حکومەت لەبەرامبەر داخوازییەکانی خەڵكو هەروەها سەرکوتی خۆپیشاندانی خەڵك لەلایەن هێزەکانی ناوخۆوە بارودۆخەکە بەرەو ئاقارێکی تردەباتو دوورنیە شێوازێکی هاوشێوەی مامەڵە توندتیژەکانی ئاساییش بەخۆوە بگرێت.

ئێمە کە لەخوارەوە ئیمزامانکردووە داخوازییەکانی خەڵك بەتەواوی بەڕەوا دەزانینو بەو هۆیەشەوە بەتەواوی لەگەڵیداینو هاوشانی جەماوەری خەڵك بۆ بەدیهێنانیان تێدەکۆشینو لەحاڵی بەدینەهاتنیاندا لەشێوازی خەباتکارانەی جۆراوجۆر کەڵکوەردەگرین. بۆیە داواکارین:

دەستبەجێ گیراوەکان ئازادبکرێنو ئەوانەی تەقەیان لەخەڵك کردووە بدرێن بەدادگاو بەتۆمەتی کوشتنی بەئەنقەست دادگاییبکرێنو یاسایەکیش دابڕێژرێت بۆ قەدەغەکردنی تەقەکردن لەخەڵك. وە حکومەت وەڵامێکی شیاو بەداخوازییەکانی خەڵك بداتەوە، خەڵك بەخاوەن مافو خۆی بە مەسئول بزانێت لەدابینکردنی ئەو مافانەدا. بۆ کۆتاییهێنان بەو گەندەڵییەی کەبڕستی لەم کۆمەڵگایە بڕیوەو خۆی بووەتە هۆکارێکی جدی لە بێمافی خەڵك، لەتەواوی دامودەزگاکانی پەیوەندیدار بەژیانی خەڵکەوە بەرپرسو کاربەدەستەکان بەهەڵبژاردن دیاریبکرێن.

لەگەڵ رێزدا

**ئیمزاکان:**

1. دەستەی داکۆکی لەداخوازیەکانی خەڵك
2. پارتی چەپی کوردستان
3. یەکێتی کۆمۆنیستەکان لەعێراق
4. پارتی چارەسەری دیموکراتی کوردستان
5. کۆمەڵێك لەنابینایانی کوردستان
6. کۆنگرەی ریفراندۆم
7. رۆژنامەی واژام
8. کۆمیتەی بەرگری لەکرێکارانی عێراق